# بانگکردنی مەحمود ساڵحی و بورهان دیوانگەر بۆ دادگا و
# هەڕەشە ڵیکردنیان و پەلاماردانی مەحمود ساڵحی مەحکووم دەکەین

هەروەکو پێشتر ئاگادارمان کردبوونەوە، ئەم بەیانییە بەڕێز مەحمود ساڵحی، لە ڕابەرانی ناسراوی کرێکاری و یەکێک لە دەسگیرکراوەکانی یەکی ئەیاری شاری سەقز بانگ کراوەتە ئیدارەی ئیتلاعات. لێرەدا لە درێژەی هەواڵەکە ئاگادارتان دەکەینەوە.

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ ٨ ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژن، یەکێک لە فەرمانبەرانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز بۆ شوێنی کاری بەڕێز مەحمود ساڵحی تەلەفۆن دەکات و ئاگاداری دەکاتەوە خۆی بە ئیدارەی ئیتلاعات بناسێنێ. مەحمود ساڵحی دەوروبەری کاتژمێر ١٠ و ٣٠ ی بەیانی بە کاتی ئێران لە ئیدارەی ئیتلاعات ئامادە دەبێت. کەسێک بەناوی بیگی لەبەرچاوی بەڕێز بورهانی دیوانگەر کە ئەویش بانگکرابووە ئیتلاعات لە مەحمود ساڵحی دەپرسێ: بەڵێنە مەراسمی ڕۆژی جیهانی ژن لە کوێ بەڕێوە بچێ؟ ئەو وەڵام دەداتەوە کە چونکە لە بەڕێوەبەرانی ئەو مەراسمە نییە، ئاگاداری شوێنی مەراسمەکە نییە. مەحمود ساڵحی دەڵێ وەکو لایەنگرێکی مافی ژنان، ئەگەر مەراسمێک بەو بۆنەوە ڕێکخرێت تیایدا بەشداری دەکات.

بیگی بە هەڕەشەو گوڕەشەوە بە مەحمود ساڵحی دەڵێ: نە تەنیا مافی بەشداریکردنی ئەو مەراسمەت نییە، بەڵکو نابێ بێیتە سەر شەقامیش. مەحمود ساڵحی لە ڕاست بیگی ناودا ناڕەزایەتی نیشان دەدات و لە مافی خۆی و هەموو شارۆمەندانی کۆمەڵگا بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانی ژن بەرگری دەکات. فەرمانبەرەی ئیتلاعات هەڕەشە دەکات کە ئەگەر مەحمود ساڵحی بێتە سەر شەقام خۆی دەیداتە بەر گوللە.

بەڕێز ساڵحی وەڵام دەداتەوە کە ئەو چاوی لە گوللەی هیچ کەس ناترسێ و فەرمانبەرەی ئیتلاعات بە بۆنەی هەڕەشەکاریەکانیەوە سەرکۆنە دەکات. فەرمانبەری ئیتلاعات ملهوڕانە لە بەرچاوی بورهان دیوانگەر پەلاماری مەحمود ساڵحی دەدات، بە جۆرێک کە زیان بە سێ پەنجەی ناوبراو دەگەیەنێ. مەحمود ساڵحی دوای ئەوە کە لە ئیتلاعات دەچێتە دەرەوە، پەیوەندی بە پارێزەرەکانیەوە دەکات و داوایان لێ دەکات کە سکاڵانامەیەک ئامادە بکەن. مەحمود لە پەیوەندیەکدا کە لەگەڵ یەکێ لە کاربەدەستانی دادی شار بوویەتی، کردەوەی دڕندانەی بیگی، فەرمانبەری ئیتلاعات مەحکووم دەکات.

بەپێی دوا هەواڵەکان، شاری سەقز کەشوهەوایەکی گەرموگوڕ و شادی هەیە. هێندێک لە دانیشتووانی شار بە بێ گوێدانە هێزە کێشکەکانی کۆماری ئیسلامی، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنەوە، سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی شیرینی و پیرۆزبایی بە یەکتر وتنن. لە لایەکی ترەوە فەرمانبەرانی چەکداری کۆماری ئیسلامی، هەراسان و شپرز، بە کۆمەڵ بە ناو شاردا دەگەڕێن و لە هەوڵی ئەوەدان ترس و دڵەڕاوکێ بنێنەوە و بانگکردنی مەحمود ساڵحی و بورهان دیوانگەریش بۆ ئیدارەی ئیتلاعات هەر بە هەمان مەبەست بەڕێوە چووبوو. ٨ ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژن ڕۆژێکی ناسراوی ناونەتەوەییە و ڕێزگرتن لەم ڕۆژە مافێکی سەرەتایی ژنان و پیاوانی ئازادەی سەراسەری ئێرانە. ڕژیمێک کە لەبەرابەر ئەم ڕۆژەدا ئاوا هەراسان دەبێت، تەنیا بێهێزی و زەبوونی خۆی نیشان دەدات.

**ئەنجوومەنی کرێکاری جەماڵی چراغوەیسی**

٨ ی مارسی ٢٠٠٥

www.akjamal.com